# کۆمپانیاکانی چه ك و پاراستن و سیسته می سه رمایه داری

پا ش روخاندنی شوره وی ،زۆر لـه وولاتـانی جیهان ده ستیان کرد بـه فرۆشتنی کـه رتی گشتی بـه کـه رتی تایبه ت ،واته فرۆشتنی زوربه ی ده زگا ئابووریه کانی وولات بـه سه رمایه داره کان .
وه ئه م پرۆژه یه شیان ناو نا (تایبه تکردن ، پریڤاتیزه کردن ، خه سخه سه کردن) .
بـه لام ئـه مرۆ کار لـه ده زگائابووریه کانیش تێپه ریوه و، ده یانه وێت شه ڕو لـه شکره کانیش لـه لایه ن سه رمایه داره کانه وه بـه رێوه ببرێت . ئه مرۆ لـه جیهاندا چه ندین لـه شکرو گروپ و ده زگای پاراستنی تایبـه ت هه یه . وه ئه مانـه ش بـه پێی ناوچه وبـه رژه وه ندیه کان و سیسته می ئابووری وسیاسی جیاوازیان هـه یه .کـه هـه ریه کـه یان بـه پێی شێوازی تایبـه ت کار ده کـه ن کـه ده توانین بـه کوورتی بیان کـه ین بـه سێ بـه شه وه :

1 / گروپه چه کداره کان
2 / ده زگاکانی خۆپاراستن و ئاسایشی تایبه تی
3 / مافیا کان

1 / گروپه چه کداره کان

ئه مرۆ لـه جیهاندا زیاتر لـه 400 گروپ ولـه شکری چه کدار لـه 90 ده ولـه تدا هه ن.
پاش نه مانی شه ری ساردو نه مانی یارمه تی لـه مۆسکۆ و واشنتن ، بۆ هـه ندێ گروپ و وولات و روخاندنی هه ندێك دیکتاتۆر لـه جیهاندا ،بووه هۆی دروستبوونی نائارامی و نه مانی لـه شکری ده ولـه تی. کـه ئـه مـه وای کرد کـه چه ندین گروپ و لـه شکری نا ده ولـه تی دروست بێت کـه ئـه مـه زیاتر لـه ئه فـه ریکا رویدا لـه وانـه ش وه کو (گروپی عایدید لـه سۆمال.
هۆتۆ توتسی لـه راوه ندا کـه زیاتر لـه نیو ملیۆن کـه سی مـه ده نیان کوشت ، گروپه چه کداره کانی ساحیل عاج ، گروپی کابیلـه لـه زائیر، ئـه نیتا لـه ئـه نگۆلا ) ، هـه روه ها لـه سیرالیۆن لـه ئه مه ریکای لاتین .
کـه ئـه مانـه پاش روخاندنی دیکتاتۆره کان یان لاوازبوونی ده ولـه ت دروست بوون .
کـه باج وسه رانـه لـه خه لك ده سته ێنن و بازرگانی درۆگ و حه شیش وتلیاك ده کـه ن .
هـه روه ها ده ست گرتن بـه سه ر ئـه و شوێنانـه ی کـه سامانی سروشتیان تێدایه وه کو(زێرو نـه وت و گـه وهـه ر ) بۆ نموونـه لـه زائیرو سیرالیۆن کـه گروپه چه کداره کانی ئه وولاته، بازرگانی بـه سامانـه سروشتیه کانـه وه ده کـه ن و سه رانـه ش لـه و کۆمپانیا بێگانانـه ش وه رده گرن کـه لـه وێ کار ده کـه ن.
لـه لایه کی تره وه شێوازێکی تری ئـه م گروپه چه کدارانـه ئـه وانـه ن کـه شه ر دژی ده ولـه تی ناوه ندی ده کـه ن. ئـه م شێوازه یان زۆر بلاوه لـه جیهان دا کـه زیاتر بـه گروپه پارتیزانـه کان ناسراون یان بـه گـه ریلا لـه وانـه :
**ا. ئـه مـه ریکای لاتین :**

دیاره لـه ئـه مـه ریکای لاتین زیاتر ئـه م جۆره گروپانـه زۆربوون. ئـه ویش بـه حوکمی ئه وه ی کـه زیاتر ئـه م گروپانـه گیفاریزم بوون، و باوه ریان بـه شه ری پارتی زانی هـه بوو .لـه وانـه وه کوو گروپه چه په کانی وولاتی (نیکاراگواو سلفادۆرو کۆلۆمبیا وپیرۆ وبه رازیل وه هه ندێکیان هـه ر بـه رده وامن وشه رده کـه ن وه کوو گروپی (سێندرۆ لۆمینۆز لـه پیرۆو ،وه لـه کۆلۆمبیاش گروپی لـه شکری شۆرشگێر کۆ لۆ مبیا ) .ئـه مانـه بازرگانی تلیاك و حـه شیشه ده کـه ن و،سه رانـه لـه خه لکی ده ستێنن تا ده سکه وتێکی مادیان ده سکه وێت و بـه رده وام بن لـه شه ریان دژی حکومـه تـه ناوه ندیه کان .
جێی داخـه ئـه م گروپانـه لافی چه پ و مارکسیه ت لێ ده ده ن .
ئـه مانـه هـه موویان گرووپی( ستالینین)، کـه بـه هیچ شێوه یه ك ئـه م جۆره میتۆدانـه لـه گـه ڵ کۆمۆنیستدا ناگوونجێت ، لینین زۆر دژایه تی براکـه ی ده کرد کاتێك زانی، وا لـه گـه ڵ گروپێکی تیرۆریستدا کار ده کات . لینین ده ڵێت ( ئـه وانـه ی کـه پـه نا بۆ تیرۆر ده بـه ن . ئـه و انـه ن ، کـه بـه هیچ شێوه یه ك خاوه نی هیچ جۆره ئایدۆلۆجیایه ك نین . ئـه وانـه ی کـه خاوه نی بیروڕایه کی بـه هێزن ، پـه نا بۆ تیرۆر نابـه ن ) .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

به لام ستالین ،گوێی بۆ  ئه م قسه یه نه گرت . به ڵکه به پێچه وانه وه ، که وته په یڕه و کردنی پیسترین و دڕنده ترین تیرۆر له جیهاندا ، که جگه له (که مال ئه تاتورك) ی هاوڕێ ، که سی تر شانی نه داوه له شانی.
ستالین خۆی  به گه نجی گروپێکی چه ته گه ری دروست کردبوو ،که له سه ر رێگاکان  خه ریکی رووتکردنه وه ی خه لکی بووه .کاتێکیش که هاته سه ر حکوم ، هه ر به و میتۆدی چه ته گه ریه حوکمی خه ڵکی ده کرد . یه که م جار که وته گیانی ترۆتسکیه کان، پاشان هه موو که سێك كه بچوكترین ناره زایی ده ربربیایه ، یان تیرۆر ده کرا یان فرێ ده درایه سیبریاوه.
هه رچه نده ناوی خۆی نابوو (ستالین) واته (پیاوی ئاسنین) . به لام  نه ك ئاسن نه بوو به ڵکه له به رامبه ر دوژمنه کانیدا نایلۆنیش نه بوو . ستالین وه کوو  دیکتاتۆره کان ترسنۆکترین  مرۆڤ بوو ،  ته نانه ت هێنده له خۆی ده ترسا ، هه موو کات وای هه ست ده کرد پلان له دژی ده گێرێت . باوه ری به که س نه بوو  هه موو کات ده یووت :
(هه موو پلانه کان له مووتبه خی کرێملێنه وه سه ر هه لده ده ن)
پێش شه ری دووه می جیهانی زیاتر له سه د هه زار ئه فسه ری  رووسی له ناوبرد .
که ئه مه ،گه وره ترین زه ره ری له سوپای رووسی داو ،بووه هۆی لاوازی سوپاکه یان.
زۆر سه یره  ستالین هه موو ته له به کانیشی وه ك خۆی ترسنۆك بوون . له وانه (سه دام ، ئه سه د، شای ئێران و ئاپۆ) .
بزوتنه وه ی چه کداری له هه ر شوێنێك بووبێت ، بووه ته هۆی زه ره رو مالوێرانی زۆر بۆ خه لکی هه ژارو زه حمه تکێش له جیهاندا . بزوتنه وه ی چه کداری گه ورگه ترین زیانی  له  خه لکی زه حمه تکێشی کورد داوه . سه یره هێشتا هه ندێك که سی ده به نگ هه یه ، هه ر باوه ری به م میتۆده مالوێرانه یه ماوه .
ئاخر گیفارایه ك که کرێکارانی ناو شار ، به بۆرجوازی دابنێت ، چونکه له بانیۆ خۆیان ده شۆن !!!!! ، یان خه باتی گه لێکی سته مدیده ی وه کوو کورد، به خزمه تکاری ئیمپریالیدابنێت !!!!!، له کاتێکدا ئه و میتۆده ی که جه نابی پێی شۆره تی ده رکرد ، سه ده یا ساله له کوردستان دا په یره و کراوه و ، هه ر مالوێرانی و نه گبه تی بۆ هێناوین .
زۆر سه یره پاش ئه وه ی که شۆره وی رووخاوه و هه موو ئه رشیفه کانی تیرۆری ستالین بلاوکراونه ته وه . که چی هێشتا چه ند که سێك وه ك بلێیت له گۆی گادا نووستبێتن ،هه ر به رگری له و کابرا تیرۆرسته ده که ن.ستالینیه کان به گشتی باوه ڕیان به چه ك هه یه ، ته نها له رێگای چه که وه  ده یانه وێت سیاسه ت بکه ن . پێش ماوه یه ك له گه ڵ چه ند که سێك خه ریکی به رێوبردنی چالاکیه ك بووین ، براده رێك که خۆی زۆر به ستالینی ده زانێت ، له کاتی ووتووێژ کردندا  ، بۆ ئه وه ی **(به لامه کان!!)** نه هێڵێت ، ده مانچه یه کی ده رهێنا. سه یر له وه یه سالانێکی زۆریشه له هه نده ران ده ژی و، **کتێبی مارکسیشمان!!!** بۆ ده کات به کوردی . ئاخر مارکسیزم ئه مانه کردوویانه به کوردی  بۆیه حالمان جوانه. یه کێکی تریان تازه هاتبووه ده ره وه ، زوو زوو ده یووت (ها ورێیان من پێویستیم به ده مانچه یه که!!! ) . به هیچ شێوه یه ك قه ناعه تی نه ده کرد ، که چه ك باووی نه ماوه هه ندێك که س و گروپیش هه ن ، به ناو ده ڵێن ئێمه دژی ستالینین ، به لام تا وه کو ئێسقانیان ستالینین و میتۆدی ستالینیانه به کارده هێنن .
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ،  پێش چه ند سالێك له مه و پێش هه ره شه یان له (عه باس شوان) کرد، چونکه له دژی ئه وان شتی نووسیبوو . ئه وان هه تاوه کوو ئێستاش وه ك خوا سه یری (مه نسوری حیکمه ت  ) ده که ن و، نابێت که سیش ره خنه ی لێبگرێت جگه له دیماگۆجیه ت و چه ندین میتۆدی تری ستالینیانه به کار ده هێنن . هه رچه نده ئه مانه خۆیان به دژی ستالینیه ت له قه لّه م ده ده ن .

**ب . ئه فه ریکا**

له ئه فه ریکاش گروپی(به ره ی رزگاری خوازی باشوری سودان و، به ره ی رزگاری ئیسلامی له جه زائیر و ئه نیتا له ئه نگۆلا ) ،دیاره درنده ترینیان گرۆپه ئیسلامیه کانی جه زائیرن ، که ئه مانه ماوه ی دوانزه ساله  ده ستیان کردوه به شه رێکی دڕندانه ،بێ گوێدانه هیچ جۆره ره وشتێکی مرۆڤانه  ، که زیاتر له نیو ملیۆن که س بووه ته قوربانی ئه م  گروپانه ، دیاره ئه مانه ش بازرگانی حه شیش و درۆگ ده که ن و سه رانه له خه لکی ،سه رانه ش  له کۆمپانیاکانی نه وت و گاز ده ستێنن . مندالان ده که ن به چه کدار و حوکمی دڕندانه ی ئیسلامی به سه ر خه لکی ژێر ده سه لاتیان  ده سه پێنن .خه لکی پێشکه وتن خواز ده کوژن و تیرۆریان ده که ن .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ج. ئاسيا**

گه رچی له ئاسیاشدا گروپی چه کداری زۆره . له هه ندێك شوێنیشدا حوكمی ناوچه یان به ده سته وه یه له وانه وه كو(خومیری سور له كه مبۆدیا كه ئێستا نه ماون ، گروپه چه په كانی ڤلیپین و ، گروپه ئیسلامیه توندره وه كانی ئه نده نوسیاو ڤلیپین و هیندوستان موجاهیدینی ئه فگانی و موجاهیدین ی خه لك له ئیران و گروپه كوردیه كان له كوردستانی ئێران و عێراق و توركیا ، هه روه ها گروپی تامیل له سریله نكا ) كه ئه مانه زوربه یان كاری حه شیش فرۆشتن و سه رانه لێسه ندن ده كه ن . به شێكیشیان وه كو جاش كار بۆ هه ندێك ده وله ت ده كه ن ،به رامبه ر یارمه تی دانیان له لایه ن ئه و ده وله تانه وه وه كو ( موجاهیدینی ئێران و یه كێتی و پارتی له كوردستان ) دیاره یه كێتی وپارتی وه كو دوو ده وله تیش حوكمی كوردستان ده كه ن كه ئه مانه هه ریه كه یان میلیشیاو چه كداری خۆی هه یه، و ده سه لاتی خۆیان به سه ر خه لكدا سه پاندوه و باج و سه رانه ش له و هه رێمانه وه رده گرن كه تێیدان .
له لایه كی تره وه له هه ندێك وولات خۆ یان گروپی چه كدار دروست ده كه ن، بۆ چه ند مه به ستێكی دیاری كراو. كه ئه م گروپانه ،ده وله ته كان خۆیان یارمه تیان ده ده ن بۆ دژایه تی كردنی گروپه كانی دژ به ده وله ت ، ئه م جۆره له شكرانه، یان گروپانه ش له جیهانی ئه مرۆدا زۆرن له وانه :

1. ئه مه ریكای لاتین :
له وولاتی كۆلۆمبیا له شكری خۆپاراستن یان دروست كردووه ،كه ئه م له شكره زیاتر له ده هه زار چه كداری هه یه. كه حكومه تی كۆ لۆمبیا خۆی یارمه تیان ده دات و چه كو پاره له حكومه ت وه رده گرن . ئه م له شكره زیاتر له گروپه راستره وه كانی كۆ لۆ مبیا پێكهاتوون،كه ئه ركیان ئه وه یه كه شه ر بكه ن دژی گروپه چه په كانی ئه و وولاته .له كۆ لۆ مبیا ماوه ی بیست سالێك ده بێت ئه م شه ره به رده وامه و ،زیاتر له سه د هه زار كه س گیانیان له ده ست داوه ،دیاره ئه مه ریكاش رۆلێكی زۆر خراپ ده گێرێت له م كێشه یه دا پشتگیری حكومه تی كۆ لۆ مبیا ده كات و،یارمه تی گروپه راستره وه كانی ئه و وولاته ش ده دات هه روه ها له زۆر وولاتی تری ئه مه ریكای لاتین ئه م شێوازانه یان به كار ده هێنا، بۆ دژایه تی كردنی گروپه چه په كانی ئه و وولاتانه .كه زوربه یان له لایه ن سیای ئه مه ریكی و ده زگای پاراستنی فه ره نسیه وه دروست كران ، به تایبه ت ئه و كه سانه ی كه له جه زائیر له دژی خه باتگێره جه زائیریه كان شه ریان كردبوو ، شاره زاییان له شه ری پارتیزانی په یدا كردبوو.ئه م كه سانه رۆلی ماموستایان ده بینی و له شه سته كاندا ، له وولاتی به رازیل فێرگه یه كیان دروست كرد ، كه ناویان لێنا (كۆندۆر ) ، كه له سیای ئه مه ریكی و فاشسته كانی ئیتالیاو ده زگاكانی پاراستینی وولاتانی ، ئه رجه نتین و شیلی و به رازیل وئۆرگوای ، پاراگوای)
پێك هاتبوو. كه كاریان تیرۆركردنی كه سانی شۆرشگێری ئه وولاتانه بوو.

2. ئه فه ریكا :

له جه زائیر حكومه ت له شكری گه لی دروست كردووه .كه ژماره یان ده گاته سه ت و چل هه زار كه سه .بۆ دژایه تی كردنی گروپه ئیسلامیه توندره وه كان دروستیان كردوه . ئه مانیش شان به شانی ده وله ت ده جه نگێن و یارمه تیان له ده وله تی جه زائێر وه رده گرن. هه رچه نده ئه م له شكره ش نه یتوانیوه، ئاسایش و گیانی خه لكی بپارێزێت له گروپه ئیسلامیه كان ، به ڵكه به شێكی زۆری ئه و تیرۆره، ئه مان خۆیان ده یكه ن.

3. ئاسیا :

ده تونین بلێین زیاتر ئه م شێوه گروپانه له عێراق و توركیا و ئێران و لوبنان و ئیسرائیل هه یه .
له عێراق ئه م شێوازه زۆر باوبوو ، له وانه له شكری گه ل (جیش الشعبی) و جاش وله شكری قودس ،بۆ نمونه له كوردستان زیاتر له سێ سه د هه زار جاش هه بوون، ویارمه تیان ا له لایه ن حكومه تی عێراقه وه وه رده گرت ، كه زیاتر له سه رۆك خێله كانی كورد پێكهاتبوون و ئه ركیان دژایه تی كردنی پێشمه رگه بوو له شاخه كان و شاره كوردیه كان .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هه روه ها له شکری قودسیش که تازه دایان مه زراندوه. که ژماره یان ده گاته چوار ملیۆن که س که زیاتر له فه رمانده کان و مامۆستاکان و خه لکی ئاسایی پێك هاتوون . که ئه مانه به ناوی رزگار کردنی قودسه وه دروست کراوون، به لام زیاتر بۆ پارستنی حکومه ت دانراون و یارمه تی له حکومه تی عێراق وه رده گرن .هه روه ها چه ندین له شکری تریش هه ن له وانه (الحرس الجمهوری ، فیدائین سه دام ، قوات الخاسه و..)
له تورکیا له شکرێکیان به ناوی (پارێزه رانی دێکان ) دروست کردوه. که بۆ دژایه تی کردنی
( پ ك ك ) دروستکراوون، ئه وانیش زیاتر له سه رۆك خێله کوردیه کان پێکهاتوون وحکومه تی تورکیا خۆی یارمه تیان ده دات. و ژماره یان ده گاته نزیکه ی چوار سه د هه زار چه کدار .
له ئێرانیش به هه مان شێوه چه ندین له شکریان له م بابه تانه هه یه له وانه (په سیج ، پاسداران ،پارێزه رانی ئیسلام ) ، که ئه مانه له شکری تایبه تن. دروستکراون بۆ چه ند ئامانجێکی تایبه تی ئه و وولاته ، که زیاتر بۆ دژایه تی کردنی گروپه کوردیه کان و ئۆپۆزیسیۆنی ئه وولاته دروست بوون .

2 / ده زگاکانی خۆپاراستن و ئاسایشی تایبه تی :

ئه م شێوازه ش له چه کداری زیاتر له وولاته پێشکه وتوه کان هه یه واته له (ئه وروپا و
ئه مه ریکا و ژاپۆ ن و که نه داو وولاتانی تریش ) .
که ئه مانه ئه رکیان ئه وه یه ،که که سی ده وله مه ند و ناودارو سیاسیه کانی ئه و وولاتانه بپارێزن .که ئه مانه زیاتر له 50 ملیارد دۆلاریان ده ستده که وێت له سالێکدا ، له ئه مه ریکا زیاتر له دوو ملیۆن که س ئه م کارانه ده که ن ، له ئه وروپا زیاتر له 800 هه زار که سیان
هه یه .
پاول بایێل که پێشتر ئه فسه رێك بووه له جه ندرمه ی فه ره نسی ، له لێدوانێکیندا بۆ یه کێك له رۆژنامه وانه کان ووتی (له فه ره نسادا سالانه ئه م ده زگایانه زیاتر له 5 ،1 ملیاردیان
ده ستده که وێت و زیاتر له 90 هه زار که س کاریان له گه ل ده که ن ، له کاتێکدا که هه موو جه ندرمه ی فه ره نسا ژماره یان ناگاته 30 هه زار که س ) .
ئه مرۆ له جیهاندا زیاتر له 300 هه زار کۆ مپانیای خۆپاراستن هه یه ، وه له زیاتر له 100 شوێنی جیهاندا کار ده که ن ، له ئه فه ریکا و کۆ لۆ مبیا و پیرۆ و ئه نده نوسیا و زۆر وولاتی تری جیها نیش کار ده که ن. دیاره جیهانی لیبرالیزمی نوێ، ئه م شێوه گروپانه ی دروست کردووه .که زیاتر بۆ خزمه تکردنی سیسته می سه رمایه داریه له جیهاندا .

هه روه ها چه ند کۆ مپانیایه کی تریش ، که زیاتر په یوه ندیان به کۆمپانیاکانی چه کو
ته قه مه نیوه هه یه .که ئه م کۆ مپانیایانه هه لده ستن به چه ند ئه رکێکی تایبه ت، له وانه فێرکردنی هونه ری له شکری و خۆپاراستن و رزگارکردنی ئه و خه لکانه ی که هه ندێك جار
وه کو بارمته ده گیرێن له لایه ن گروپه چه کداره کانه وه ،له وانه ش وه کوو (
Executive outcomباشوری ئه فریکا Levdan به ریتانیا Sandline ئه مه ریکاوMPRI
له ئیسرائیل ) ، که ئه مانه له زۆر شوێنی جیهان کاریان کردووه له وانه له (ئه نگۆلا بۆ پارستنی کۆمپانیاکانی نه وت و، له سیرالیۆن بۆ پاراستنی کۆ مپانیاکانی گه وهه ر ، له زۆر شوێنی ئالۆزی تریش )
.
به لام له هه موویان به هێز تر کۆ مپانیای (ئی ئۆ ) باشوری ئه فریکایه. که ئه مه له زۆر شوێنی جیهاندا کاری کردووه بۆ نموونه سالانه 80 ملیۆن دۆلاری وه رده گرت له حکومه تی ئه نگۆلا بۆ پاراستنی کۆ مپانیاکانی نه وت و دژایه تی کردنی گروپی (ئۆنیتا ) ،و هه روه ها له سیرالیۆن . زیاتر له 30 ده وله تی جیهان دا کاری ده کردوو .جگه له وه ش هه ندێك جارکاری بۆ نه ته وه یه کگرتوه کانیش ده کرد بۆ پاراستنیان له زۆر شوێنی ئالۆزی جیهان وه ئه م کۆ مپانیایه له سالی 1998 داخراو کاری نه کرد زیاتر .
به پیێی ئه و لێکۆلینه وه یه ی که له12 فێبراوه ری 2002 له په رله مانی به ریتانیا ده ری خست. که کۆمپانیاکانی چه ك و خۆپاراستنی به ریتانیا، یارمه تی زۆر گروپی جیاوازیان داوه له رووی فێرکردنی هونه ری چه کداری و فرۆشتنی چه ك به گروپه کانی وولاتی سیرالیۆن و زۆر وولاتی تری جیهانیش که شه ری ناوخۆی تیادایه .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئه م کۆمپانیایانه له شه ری دوایی ئه مه ریکا له ئێراق ، رۆلێکی گرنگیان بینی .
ئه مرۆ له ئێراق چه ندین کۆمپانیای جۆراو جۆری پاراستن کارده که ن. زوربه ی کۆمپانیا بازرگانیه کان پشت به م گروپانه ده به ستن ، بۆ پاراستنی ژیانی کارمه نده کانیان کاریان له گه ل ده که ن .له جیهانی سه رمایه داری دا هه موو شتێك حه لاله ئه گه ر قازانجی ده ستکه وێت ، وبه بێ گوێدانه هیچ سنورێکی مرۆڤایانه .بگره ئه وه ی گرنگه لایان ته نهاو ته نها چۆن قازانچی زیاتری ده سکه وێت .

3 / ماڤیاکان :

ماڤیا ئه و جۆره گروپانه یان بانده چه کدارانه ده گرێته وه، که به زه بری کوشتن و چه ك ده یانه وێت بازرگانی بکه ن، یان پاره یان ده ستبکه وێت له کوشتنی هه ندێك که س .
ماڤیا بۆ یه که م جار له ئیتالی ده ر که وت، که یه که م جار ده ستیان به فرۆشتنی حه شیش و چه ك کرد ، وه زۆر له دادوه ره کانی ئیتالیایان کوشت و هه روه ها به یارمه تی سیای ئه مه ریکاش زۆر که سی چه پیان کوشت، و کاریان بۆ زۆر کۆمپانیا گه وره کانی ده کرد له جیهاندا، به تایبه تی کۆمپانیاکانی چه ك وته قه مه نی .
ئێستا له زۆر ولاتی جیهان ماڤیا هه یه وه کوو له (ولاتانی یه کێتی سۆڤیه تی پێشوو ، یۆگۆسلاڤیاو له زۆر وولاتانی ئاسیا وئه مه ریکای لاتین و ئه فه ریکا ش هه ن )

ئه مانه زۆربه یان کاری فرۆشتنی حه شیش و چه ك و شتی ساخته ده که ن ، وه له زۆر شوێنی جیهانیشدا کۆ مپانیا گه وره کان پشت به ماڤیا ده به ستن بۆ ساخ کردنه وه ی به رهه مه کانیان ، بۆ نموونه له م دویه دا ده رکه وت، که کۆمپانیاگه وره کانی جگه ره پشتیان به ماڤیا به ستووه له به لقاندا بۆ فرۆشتنی جگه ره له و وولاتانه دا .

له کۆتایدا ده توانم ئه وه بلێم هه تاوه کوو سیسته می سه رمایه داری مابێت شه ڕو ماڤیاو چه ته گه ری و کوشتن هه ر ده مێنێت . چونکه سه رمایه داری بۆ خۆی ئه م شێوازانه ده خولقێنێت بۆ قازانجی تایبه تی خۆی و به رده وامبوونی ژیانی خۆی. هه روه کو مارکسیش ده لێت (سه رمایه و شه ڕ دوو رووی پاره ن )

ئه رده لان عه بدوڵلا

مانهایم، ئه ڵمانیا .

**سه رچاوه کان :**


1978 مختارات ، المجلد 2 ، لینین ، دار التقدم ، مۆسکۆ.
اسحاق دۆیتچه ، ستالین ، دار التلیعه ، بیروت ، لبنان 1976.
Leo Trotzki, Mein Leben, Berlin, Dietz Ver,1990.S128,178,201.
2.Wildcat,Nr 53,April,1991
3, Wildcat, Nr 54, May,1991
4. Le Monde diplomatique, Deutsche Ausgabe, Oktober 2002.
5. Le Monde diplomatique, Deutsche Ausgabe ,Febrauer,2003
6. www. BBC. Com.
7. www. CNN. Com
8. arte TV .05.09.2004 , Reportage.


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com